گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(1).Paper6

ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: 16-05-2023
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 12-06-2023
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 28-02-2025

# ڕوانگەی گوزارشتگەرایی مۆنۆمێنتەکانی هەرێمی کوردستان

**ئازاد جەمال تاهیر[1] - ڕاستی خدر ئەحمد[2]**

azad.tahir@univsul.edu.iq - rasti.kheder@univsul.edu.iq

[1+2]بەشی شێوەکاری، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**

پرسی ڕوانگەی گوزارشتگەرایی مۆنۆمێنتەکانی هەرێمی کوردستان جیاوازن لەبەرئەوەی ڕوانگە دەکەوێتە ژێر ڕکێفی کات و شوێنەوە، هەروەها هۆکاری دەرەکی و ناوکی کاریگەری لەسەر عەقڵ و هەستی هونەرمەند دادەنێت، بەو هۆکارە دەتوانین بڵێین زانست و هونەر یەک سەرچاوەیان هەیە ئەویش کەتوار (واقیع)ە، هونەر بەهۆی دەقی هونەرییەوە کاریگەری کەتوار بەرجەستە دەکات، بەڵام زانست بناغەی تیۆری دادەڕێژێت بەهۆی تێگەیشتن لەیاساوە، هەروەها هونەر لە دەقی گشتییەوە بەرەو تایبەت دەڕوات، زانستیش لە تایبەتەوە بۆ گشتی دەڕوات، گوزارشتیش بابەتێکی گرنگەو ڕاستەوخۆ بەئاستی جیاواز و ڕوانگەی جیاواز گوزارشتەکان بەرجەستەدەکەن لە فۆڕمی هونەریدا، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە گوزارشتکردن درکپێکردنی عەقڵی و هەستی بەژدارن لەکرداری زەینی و گۆڕینی بۆ وێناکردن، گوزارشت دەربارەی ئامانجێک بە وشە، وێنە، جوڵە یاخود هەر فۆڕمێکی بەرجەستە وەک پەیکەر، ڕەمز و وێنە گوزارشت لە واتا دەکەن، بونیادنان و گوزارشتە پەیکەریەکان دەکرێ ئەو پرۆسە کرداریەبن کە وێناکردنە زاینییەکانی هونەرمەندی تیادا ئەنجام دەدرێت، پرۆسەی گوزارشتی پەیکەر و مۆنۆمێنتیەکان پرۆسەیەکی جێبەجێکاری و بەرجەستەکردنی ڕوانگەی جیاوازەکانە بۆ دەستەبەرکردنی فۆڕم بەگوزارشتی جیاواز کە ئەمەش لەئاراستە هونەریە جیاوازەکاندا بە ڕوانگەیەکی دیار کاری لەسەر کراوە، لەهەر ئاراستەیەکدا ڕەهەندێک یان زیاتر گرنگی پێدراوە، بۆ نمونە لەسەردەمی هونەری کلاسیکدا ئەو حەقیقەتەی کە سەرچاوەی گرتوە لە ئەنجامی گرنگیدانیان بە هزر و سروشت لە کارە هونەرییەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە و بایەخیان بە بەرجەستەکردنی جەستەی مرۆڤداوە، بەڵام لەسەردەمی مۆدێرنەدا گۆڕانکاری بەسەر بەرجەستەکردنی گوزارشتەکانیادا هات لە کردە پەیکەرەکاندا لە (بۆشایی، فۆڕم، مرۆڤ، جوڵە...) و ئەمە لە کاتێکدایە کە لەسەردەمی هاوچەرخدا بە ڕوانگەی جیاوازتر کار بۆ بەرجەستەکردنی گوزارشتەکان دەکرا کە زۆر کات (نامەتریاڵەتی دەبێتە شوێنگرەوەی فۆڕم و ماتریاڵ ...)

**کلیلە وشەکان**: ڕوانگە، گوزارشت، مۆنۆمێنت.

**پێشەکی:** مۆنۆمێنت وەک بونیادێک کە دەرەنجامی تێڕامان و ڕوانگە هزری و ئیستاتیکیەکانی هونەرمەندە، لە چوارچێوەی بونیادێکی بینگەیدا بەرهەمدێت، لەپێناو زیندو هێشتنەوەی یادەوەرییەکانماندا بەوپێیەی گەلی کورد وەک هەر نەتەوەیەکی ئەم سەرزەمینە کەوتۆتە بەر لێشاوی پاکتاوکردن و سەرکوتکردن ی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەم ڕوداوگەلانە لە یادەوەری هەرتاکێکدا شوێنەوارێکی هەیە، بەردەوام وەک ئازار و مەینتی لەو وەرز و ساتەدا مرۆڤەکان دەبەنەوە ئەو دۆخە ئازاربەخشانە، بۆئەمەش ''پەیکەری مۆنۆمێنت'' وەک نیشاندەری ئەو دۆخە و گوزارشتکردن لێی ئەرکی زیندو ڕاگرتنی دەدات، لە کۆکراوەیەکی دەلالەتی هونەریدا بۆ ئەمەش، هونەرمەندان ئەو دەلالەتەیان لە ''پەیکەری مۆنۆمێنتیدا'' بەرجەستە کردوە لەپێناو زیندو هێشتنەوەی ئەو یادەوەریانەدا بۆ ئەمەش ڕوانگەی هونەرمەندان لە خستنەوەی فۆڕمی جیاوازدا و بە گوزارشت و دەلالەتی جیاواز ڕوداوەکانیان بەرجەستەکردوە.

## بەشی یەکەم

## چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

### ١-١ کێشەی توێژینەوە:

دەکرێ ڕوانگەی گوزارشتگەرایی ئەو کاردانەوە ژیرمەندانەی هونەرمەندبێت دەرهەق بە بەرهەمهێنانی کردەی هونەری، کە لە ڕێگەی هەماهەنگی نێوان (درکپێکردنی عەقڵ و هەست) ڕودەدات، ئەمەش دەبێتە کامڵ بونی هۆشیاری بینگەی و کردەی فۆڕم خستنەوە کارادەکات.

پەیکەری مۆنۆمێنت بەرهەمی ئەو کردارە عەقڵیەی و زەینییەی هونەرمەندە کە لە سۆنگەی ڕوداوێکەوە سەرچاوە دەگرێت ئەمەش لە پێناو زیندو هێشتنەوەی بیرەوەرییە لە یادەوەری کۆمەڵگەدا.

بەو حوکمەی کوردستان خاوەنی ڕوداوگەلێکی (نیشتیمانی، سیاسی، سروشتی ...)یە ئەم ڕوداوانە لەژێر کاریگەری هزری هونەریدا وەرگێڕاون بۆ کاری مۆنۆمێنت و بەرجەستەکراون لە ڕواڵەتی جیاوازدا، بەڵام هیچ بنکۆڵکردنێکی زانستی و هونەری لەئارادا نییە بۆ ڕواڵەتی مۆنۆمێنتەکانی کوردستان، ئەمەش کێشەیەکی زانستی هونەرە بۆیە پرسی ئەم توێژینەوەیە بنکۆڵکردنی هەیئەتی مۆنۆمێنتە لە هەرێمی کوردستانی عێراق لەڕوی (ڕوانگەی گوزارشتگەرایی)، لە ڕێگەی ئەم توێژینەوە زانستییە هونەرییەوە بە گرتنەبەری تەواوی ڕێکار و پرەنسیپەکانی توێژینەوەی زانستی.

### ٢-١ گرنگی توێژینەوە:

١-دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی بۆ چۆنیەتی گوزارشتکردن و ڕونکردنەوەی پەیوەندی نێوان هەیئەت و بیرۆکە.

٤-کاریگەری دروست دەکات لەسەر گەشەکردن و گوزارشتکردنی مۆنۆمێنت بەڕێگەیەکی تەندروست و زانستی هونەری لەڕوی بەهای (گوزارشت و ڕوانگەوە).

### ٣-١ ئامانجی توێژینەوە:

نیشاندانی ڕوانگەی گوزارشتگەرایی مۆنۆمێنتەکانی هەرێمی کوردستان.

### ٤-١ سنوری توێژنەوە:

- سنوری بابەتی: ڕوانگەی گوزارشتگەرایی مۆنۆمێنتەکانی هەرێمی کوردستان.

- سنوری شوێن: هەرێمی کوردستان (سلێمانی، هەولێر، دهۆك، هەڵەبجە).
- سنوری کاتی: لە ساڵی (١٩٩١ -٢٠٢٢) زاینی.

**٥-١ پێناسەی زاراوەکان:**

**ڕوانگە (Point of View) وەک زاراوە:**

لە فەرهەنگی هەمنبانە بۆرینە بەم شێوەیە باسکراوە ''جێگەیەك کە لێیەوە دەڕوانن''(هەژار،١٣٩١. ٣٤٩) یاخود لە فەرهەنگی ئینگلیزی بریتانیکا ''شێوازێکە بۆ سەیرکردن یان بیرکردنەوە لە شتێك''(Britannica. 2022. online)، لە فەرهەنگی کامبریج ی ئینگلیزیدا ڕوانگە (لە تابلۆیەك یان وێنەیەکدا، ڕوانگە ئەو شوێنەیە کە هونەرمەند هەڵیدەبژێرێت بۆ وەستان) (Cambridge, University. 2022. online)، لە فەرهەنگی ئینگلیزی ئۆکسفۆرد''ڕوانگە ئەو هەڵوێست یان بۆچونە تایبەتەی کە کەسێك لەبارەی شتێکە هەیەتی''(Oxford, University. 2022. online)، هەروەها لە فەرهەنگی لۆنگمانی ئینگلیزیدا ڕوانگە (بۆچونی کەسی یان هەڵوێستی کەسی خۆی سەبارەت بەشتێک دەردەبڕم، ڕێز لە ڕوانگەی تۆ دەگرم، بەڵام دڵنیانیم لەگەڵتدا هاوڕام) (Longman, 2022. online).

**ڕوانگە (لە ڕوی جێبەجێکارییەوە):**

ڕوانگە چڕکردنەوەی (درکپێکردنی عەقڵی و هەستییە) لە مرۆڤدا کە بەرجەستە دەبێت لە (دەربڕیندا) لەسەر دیاردەیەک یاخود ڕوداوێک یان چەمکێک، هەر هەمان پرۆسەیە لە زەینیەتی هونەرمەندا کە لە وێناکردنی بینگەییدا کە فۆرم خستنەوەیە بەرجەستە دەبێت.

**ئێکسپریشنیزم (Expressionism) وەک زاراوە:**

دەربڕین ئامرازێکە کە خود بۆ گوزارشتکردن لە گەیاندنی هەست و بیرۆکە و بۆچونەکانی بەکاریدەهێنێت لە شێوەی وشە، دەربڕینی زمانەوانی و فۆرم و ئاماژە، دەربارەی ڕوانگە جیاوازەکانی ژیان لەوانە بابەتی هونەری و ئەدەبی و فەلسەفی، گەر بۆ سەرچاوەی زاراوەی (گوزارشتگەرای(Expressionism) بگەڕێنەوە ئەوا لە فەرهەنگی Vocabulary. 2022. Online) هاتوە کە لە وشەی (Expression) وەرگیراوە)، لە بۆچونێکی هاوشێوەی دیکەدا (وشەی (Expressionism) لە وشەی لاتینی (Expression) هاتوە کە بەواتای گوزارشت دێت، گوزارشتگەرایی بزوتنەوەیەکە لە هونەر و ئەدەبیاتی ئەوروپیدا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە ساڵی (1905 تا 1940)، لە گوزارشتگەرایدا هونەرمەند هەوڵدەدات لە ڕێگەی شێواندنی دیاریکراوی کەتوارەوە هەست یان ئەزمونەکانی خۆی دەربڕێت، یاخود نوێنەرایەتیەکی وردی واقیعی ئەزمونی هەستیاری دەکرد، لە گوزارشتگەرایدا پەیوەندی لەگەڵ کەتوار کاڵ دەبێتەوە یاخود هەرنامێنێت)(Bree, Danny. 2020. online) ، (شێوازی هونەری) یە کە لە فەرهەنگی فێرخوازی ئۆکسفۆرد بەم جۆرە باسی (Expressionism) دەکات (شێواز و بزوتنەوەیەکە لە هونەر و شانۆ و سینەما و مۆسیقای سەرەتای سەدەی بیستەمدا کە هەوڵدەدات هەست و سۆزی مرۆڤەکان دەربڕێت نەك شێوەیەکی کەتواری شتەکان پیشان بدات) (Oxford Learners Dictionaries. 2022. Online) ، هەر دەربارەی زاراوەی گوزارشتگەرایی (Expressionism) چەند بۆچونێک هەن لەوانە لە (ساڵی (1911) ڕەخنەگری هونەری (هێروارت والدن) تەنیا بە فەرمی زاراوەی گوزرارشتگەرایی لە گۆڤاری (دێر ستۆرم) دا ناساند) (Bree, Danny. 2020. online)، بۆچونی دیکەش هەن کە باس لەوەدەکەن کە زاراوەی گوزارشتگەرایی بۆ یەکەم جار لەلایەن ڕەخنەگر (Aby Warbry) بەکارهێنرا کاتێك ڕۆژنامەی

هونەرمەندانی دەنوسی (ڤاریۆرگ) ئەم ناوەی بۆ ئەو تابلۆیانە بەکاردەهێنا کە لە ساڵی 1910 لە هۆڵی شارەوانی (هامبۆرگ) هەڵواسرابون، بەڵام ئەمە لە کاتێکدا بو ئەم ناوەی بە بزاڤێکی دیاریکراو نەبەستەوە (گارا، 2005، 96).

**گوزارشت (لەڕوی جێبەجێکاریەوە):**

گوزارشت ئەنجامی تێڕامانە کە لە پرۆسەیەکی لێکدانەوەدا تێدەپەڕێت و لە چوارچێوەی ئاماژەیەکدا بەرجەستە دەکرێ، دەکرێ ئەو ئاماژەیە (هێمایەک بێت یان جوڵەیەک بێت یان دەنگێک بێت یان وێناکردن بێت دەرهەق بە ئامانجێک.

**مۆنۆمێنت (Monument) وەک زاراوە:**

جۆرێکە لە پێکهاتەیەک کە بۆ مەبەستی ڕێزگرتن یاخود یادکردنەوەی کەسێک، کۆمەڵەیەک، نەتەوەیەک، وەک میراتێکی هونەری و کولتوری بە مەبەستی هێشتنەوە لە یادەوەریاندا دروست دەکرێت، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ وشەی مۆنۆمێنت(Monument) لە فەرهەنگی ڤۆکابیلەری ئینگلیزی بەواتای (پەیکەرێک کە بۆ مەبەستی ڕێزگرتن لە کەسێک دروستدەکرێت)(Vocabulary. 2022. online)، لە فەرهەنگی کامبریجی ئینگلیزی بەم شێوەیە وەسفی مۆنۆمێنت دەکات (هەمیشە پەیکەرەکان بابەتی یادەوەرین) (Cambridge Dictionary. 2022. online) ، لە فەرهەنگەکانی ئینگلیزی هاوچەرخدا بەم جۆرە باسی مۆنۆمێنت دەکات (مۆنۆمێنت و یادگارییەکان جەخت لەسەر یادگارییەکانیان دەکەنەوە: هەرچۆنێک دەرکەوێت، یاخود هەر قەبارەیەک بێت، مۆنۆمێنتەکان فۆڕمی دروستکراون کە بە ڕونی بۆ بیرهێنانەوەی ڕوداو کەسایەتییەکان گرنگن) (Bellentani, Federico. And Mario Panico. 2016. Online)، لە فەرهەنگی زاراوەکانی هونەردا بە زمانی کوردی بەم شێوەیە وەسفکراوە (مۆنۆمێنت، مەزنکار، پەیکەر یان کارێکی هونەری پەیکەرسازی کە بۆ یادگاری یان ڕێزلێنان دروست دەکرێت) (قەرەداغی، محەمەد مستەفا. ٢٠١٢، ٩٢)

**مۆنۆمێنت (Monument) (لەڕوی جێبەجێکاریەوە):**

مۆنۆمێنت پێکهاتەیەکی خاوەن ڕواڵەتی هونەری و ئەندازەییە کە (بیرۆکە و فۆڕم) ڕۆڵدەگێڕن، دەربڕین لە یادەوەری گشتی یان تاکدا کە شوێنگەیەک تایبەت دەکرێت.

بەشی دوەم

چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

توێژگەی یەکەم

**ا-چەمکی ڕوانگە**

ڕوانگە چالاکییەکی ژیرمەندانەیە لە گۆشەنیگای تێڕوانیندا کە زەینیەتی هەر تاکێک بۆخۆی دەیخوڵقێنێ و بەپێی ئامانجێکی دیاریکراو بەرجەستەی دەکات، خوڵقاندنەکەش خوڵقاندنێکی جیاواز دەبێت لەڕوی ئامانجەوە، لێرەدا دەقاودەقە مەبەستمان لەو هزراندن و وێناکردنەیە کە زەین وێنایدەکات، ئەمەش سەرچاوەی چالاککردنی هەستی تێڕوانین و ڕۆشنکردنی ئاسۆی بینینە، بەو حوکمەی، کە کایەکانی ژیان دابەش دەبنە سەر بەشی جیاواز ئامانجەکانیش، کە بەرهەمی ئەو ڕوانگەیە بەجیاوازی دێنەبون، "ڕوانگەی تێڕوانین بریتییە لەو ڕوانگە ناوەکیەیی پەیوەندی بە هۆش و سیستەمی هەستیەوە هەیە، کە ناردنی بەشێوەیەکی کەتواریانە و دیاریکراو وەک ئاماژەپێکردن بە چەند سیفاتێکی داماڵراو

و زیاتر لەو پێکهاتە شێوازێکی دیاریکراو لە کات و شوێنی دەرچون و درککردن لەم سیستەمەدا" (نعمان، منصور. ٢٠٢٢، ئۆنلاین).

**ڕوانگە (POV, Point of view):** (لە زمانی ئینگلیزیدا بە کورتکراوەی POV لە ساڵی (1760) لە نوسینی تێکستی فەلسەفیدا بەکاردێت و هاواتای گۆشەنیگا perspective ڕەهەند دێت. لە فەلسەفەدا: بینینی Object بابەتە لە زیاتر لە دیدێك و بنەمایەکی فەلسەفییەوە. دەشێت بابەتەکە thing شت، being بون، concept چەمك بێت، ڕوانگە دەکەوێتە ژێر ڕکێفی کات و شوێنەوە و کۆمەڵێك هۆکار، دەرەکی و ناوەکی کاریگەرییان بەسەریەوە هەیە).(مستەفا، کەریم. ٢٠٢١، ٥٢٣).

## ب- ڕوانگەی فەلسەفە بۆ هونەر

فەلسەفەی هونەر وەک زانینێکی بەرهەمهاتو لە تێڕامان و درکپێکردنی زەینی و هزری پێناسەی توانستە هزری و بینگەیەکانی مرۆڤ دەکات لە چوارچێوەی بەرهەمهێنانی کردەی هونەریدا، لەژێر کاریگەری ڕوانگەی فەلسەفی لە دوتوێی دەقەی بینگەیدا ئەمەش پەیوەندی ڕوانگە لە شرۆڤەو خوڵقاندندا ڕێکدەخات، فەلسەفەی هونەر وەک بزاوتی هزری گوتاری هونەر لە دەلالەتی جیاجیادا وێنادەکات و دەیکاتە وەڵامی پرسیارگەلەکانی فەلسەفەی هونەر لە گوزارشتکردندا، فەلسەفە و هونەر کە بەرهەمی چالاکبونی هزرە ڕوانگە بەرهەمدەهێنێت بۆیە "ڕوانگە لە ئەزمونکردنی چالاکییە زەینی و هزرییەکانی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێ ئەمەش وادەکات کە ڕوانگە نوێنەرایەتی ئەو چالاکییە بکات لە یەکەیەکی گشتی و کۆکراوەی ڕێکخراودا کە دەبێتە کردەی هونەری و هەڵگری واتایەکە و چەمکی گوزارشتکردن بەرهەم دێنێ،" (نعمان، منصور. ٢٠٢٢، ئۆنلاین).

## ت- ڕوانگە و گوزارشت لە هونەردا

دروستبونی شارستانییەتەکان بەرهەمی هەڵکشان و گەشەی هزری و عەقڵی مرۆڤن، بەردەوامی گۆڕانکاری و وەرچەرخانەکان و پێشکەوتنەکان گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن، کە تا ئەمڕۆش مرۆڤ بەباوەڕی داهێنانەوە تێکۆشاوە و تێدەکۆشێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجە هزری و عەقڵییەکانی.

گوزارشتکردن وەک چالاکیەکی عەقڵانی و هەستەوەری و درککردن لای مرۆڤ بۆ دەربڕین و وێناکردنی لێکدانەوە و تێڕامانەکانی، دەرهەق بە دیاردا و بونیادە سروشتییەکان، لە چوارچێوەی (کردەیەک)دا ئەنجام دراوە، لە ڕێگەی نێوەندی گەیاندنی جۆراوجۆرەوە بەرجەستەی کردون لە میانەی (دەق نوسین، دەق بینەی) و بەپێی گەشەسەندنی زانینە عەقڵییەکانی مرۆڤ گۆڕانکاری و وەرچەرخان بەسەر شێوازی گوزارشتکردنەکاندا هاتوە.

ئەمەش وایکردوە کە گوزارشتکردن لە ئاراستەی بینگەی جیاوازدا ڕێکبخرێت لەژێر کاریگەری هزر و زانستدا. بۆیە پەیڕەوکردنی گوزارشتکردن خۆی لە چەندین سیما و بنەمای جیاوازدا بەرجەستە کردوە هەریەکەیان بەپێی ئاراستە هزری و زانستیەکەی (گوزارشتکردن، دەربڕین)ی بە ئاستی جیاواز و لە تێڕوانینی جیاوازدا بەدیهێنا ئەم بەدیهێنانەش بە سەر هەڵدانی بزاڤی هونەری نوێ دەستپێکرد کە جیاواز لە قۆناغەکانی پێشتردا کە سنوری گوزارشت و دەربڕین داخرابو، خودگەرایی و دەربڕینخوازی بوە بونیادی هونەرێکی نوێ.

لە بۆچونێکی دیکەی فەلسەفیدا (جۆن دوی) بۆچونی وایە کە "هونەر گوزارشتە لە هەڵچون نەک لاسایکردنەوە، هەروەها گوزارشتکردن کارێکی ئاڵۆزە" (دوی. جون، 1963، 131)

ئەگەر سەیری هونەر بکەین لە ڕوانگەی (ماتیس)ەوە ئەوا لە بۆچونێکدا بەم جۆرە ڕوانگەی خۆی دەردەبڕێت "(ماتیس) زۆر لە فۆرم دورنەکەوتەوە تا نەناسرێتەوە، بەڵکو وەك دڵسۆزی ڕێگە تایبەتەکەی خۆی، بەرامبەر بە سروشت و مۆدێل بەنمونە مایەوە بۆ بەدیهێنانی ئەم ویستە هونەریەشی ڕەنگ تاکە هۆکاری بو، کە پشتی پێدەبەست لە بڕیاردانی هەر کارێك لە کارەکانیدا، کارەکانی لە زۆربەی کاتدا هێمن و دەوڵەمەند لەسەر خۆ گەش بون" (دیجینەی، شمیدت، 2015، 13). بڕوانە: (وێنەی ژمارە ١، ٢، ٣، ب٢).



(وێنەی ژمارە١، ٢، ٣، ب٢) هێنری ماتیس

## د-ڕوانگە لە بونیادنانی کاری هونەری پەیکەردا

ڕوانگەکان بۆ بنیادنانی کاری هونەری جیاوازن لە هونەرمەندێک بۆ هونەرمەندێکی دیکە کە ئەمە پەیوەندی بە جیاوازی تاکایەتییەوە هەیە، ئەگەر چەند هونەرمەند لە یەک ڕێبازی هونەریشدا کاریان کردبێ هەریەکەیان ڕوانگەی تایبەت بەخۆیان پەیڕەوکردوە بە نمونە لە ڕێبازی گوزارشتگەرایدا شێوازی کارکردنی جیاکۆمێنتی جیاوازە لە ئەمبێرتۆ بۆتشۆنی و هەر هونەرمەندێکی دیکەی ئەم ڕێبازە کە جیاکۆمێنتی "فۆڕمی مرۆڤی ئیختیزالکرد بە جۆرێک وەک سیمبولی لێکرد، بەئامانجی ئەوەی کە لەم ڕێیەوە جەخت لەسەر بەهای شێوەکاری (بۆشایی) لە بینای ڕواڵەتی پەیکەرەکە بکات بە شێوەیەک فۆڕمە درێژکۆلەکانی والێکرد کە هەر لە پاشماوەی ئێسکە پەیکەری ئادەمیزاد بچێت لە بۆشایدا، بە ئاوایەک فیگۆراتە مرۆیی یان گیانلەبەرەکانی کە لەڕێی ئەبستراکتکردنەوەی هێڵە باریکە پەرشو بڵاوەبوەکانەوە فۆرمەڵکردوە، مانایەک سوریالی لەخۆدەگرن" (جەلال. محەمەد، ٢٠٠٨، ٥٩-٦٠) بڕوانە (وێنەی ژمارە، ٤، ٥، ٦، ب٢).



وێنەی (ژمارە، ٤، ٥، ٦، ب٢)جیاکۆمێتی.

جیاکۆمێنتی لە کارەکانیدا گرنگی بە وردەکاری نەداوە، بەڵکو هەوڵی سڕینەوەی وردەکارییەکانی دەدا بە ئەندازەی دورکەوتنەوەی فۆرمەکان لە حەقیقەتی مۆدێلەکان کە فۆڕمەکان درێژکۆلە و باریکن کە بەرجەستەی دەکردن "بەمجۆرە بە واتایەکی نوێ لە پەیوەندی نێوان فۆرم و بۆشایی گەیشت بو بە شێوازێکی تایبەت بۆخۆی، فۆڕمی فیگۆرەکان

بەشێوەیەک باریک و درێژکۆلە بونەوە وا هەست دەکرێت لە هەمو لایەکەوە گوشاری لەسەرە و، فیگۆرەکان لە کارەکانیدا بەخێرایی هەنگاو هەڵدەگرن وەک ئەوەی هەوڵبدا لە بۆشایی زاڵی دەوروبەری ڕابکات، فیگۆرەکانی ئاماژەیەکن بۆ تەنیایی مرۆڤ کە ئەمەش نزیکمان دەکاتەوە لە فەلسەفەی بونگەرایی "(محەمەد .ئارام، ٢٠١٧، ١٧٠).

## توێژگەی دوەم

## تیۆری گوزارشتگەرایی


گوزارشت لە بنچینەدا کردارێکی زەینییە کە هەستیاری مرۆڤ دەیخوڵقێنێ لەبەرامبەر دیاردەیەک، یان کردارێک، یان بونیادێک، درکپێکردنی عەقڵی و هەستی بەشدارن لەو کردارە زەینیەدا و گۆڕینی بۆ وێناکردن و گوزارشتکردن، خودی مرۆڤ کە بونیادێکی خاوەن لۆژیکە لە سەرەتاوە دەربڕینەکانی لە ساکارترین ئاستدا بەرجەستەکردوە لە ڕێگەی (مەتریاڵ و نامەتریالیەتیەوە) بەو مانایەی شێوازی ئاماژەپێکردنەکان لە ڕێگەی (دەنگ، نواندن، هێڵ)ەوە بوە. گوزارشتگەرایی (Expressionism) وەک (بزوتنەوەیەکی هونەری لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، جەخت لەسەر دەربڕینی بابەتی هونەرمەند بۆ ئەزمونە ناوەکییەکان دەکرایەوە، هەستێکی ناوەکی لە ڕێگەی گێڕانەوەی شێواوی کەتواریەوە دەربڕدرا) (عباس، محمد فهمی. ٢٠١٩. ١٣٢)، دەربڕین ئامرازێکە کە خود بۆ گوازرشتکردن لە گەیاندنی هەست و بیرۆکە و بۆچونەکانی بەکاریدەهێنێت لە شێوەی وشە و دەربڕینە زمانەوانییەکان و فۆرم، لە پێناو گەیاندن و دەربڕینی ڕوانگە جیاوازەکانی ژیان وەك بابەتی هونەری و ئەدەبی و فەلسەفی (گوزارشت دەربارەی ئامانجێك بەوشە، وێنە یاخود فۆڕمێکی بەرجەستە وەکو پەیکەر، ڕەمز و وێنە گوزارشت لە واتا دەکات، وێنەش گوزارشت لە ئامانجەکە دەکات، گوزارشت دەربڕینێکی دەورونییە لەبارەی هەنێك جوڵەی جەستەوە، گوزارشت دەتوانین بڵێین بەو پەیوەندیانە دەگوترێن، کە دەبنەهۆی گواستنەوەی بۆچون بەدەنگ یان شێوە یاخود وێنە)، (صلیبا، جمیل، 1982، 301)، ئێکسپرێشنیزم (Expressionism) وەك بزاڤێکی هونەری لە سەرەتای سەدەی بیستەم کاریگەری هەبوە، لە ڕوانگە جیاوازەکانی وەك (هونەر، ئەدەب، مۆسیقا، شانۆ، تەلارسازی) هونەرمەندانی ئێکسپرێشنیست هەوڵیانداوە ئەزمونی سۆزداری دەربڕن، وەك کەتواری فیزیکی (Wolf, Shira. 2022, online)، بۆ (هایدگەر) پرسی گوزارشتکردن بریتییە لە "گوزارشتکردن لە جەوهەری گشتی شتەکان کە دەتوانین بڵێین ئەوەی لە نێوکاری هونەریدا ڕودەدات بریتییە لەکرانەوەی ئەو شتەی کە هەیە، بەسەر بونی خۆیدا، ئەو شێوازو ستایلی گوزارشتکردنە لە حەقیقەت، دەبێ ئەوەش بزانین چییەتی کاری هونەری لەوەدایە تەنیا لە میانەی کاری هونەرییەوە گوزارشت لە حەقیقەتی خۆی دەکات، کە بریتییە لە جوڵەیەکی بەهێز، کە لەمیانەی حەقیقەتێکەوە ڕودەدات، یان بڵێین حەقیقەتێک بەرهەمدێت، نەک لەناو فەلسەفە بەڵکو لەناو کاری هونەریدا بەدیدێت" (غادامیر، هانز جورج. ٢٠٠٧، ٢٣٠)، مێشێل فۆکۆ لەبارەی گوزارشتکردنەوە دەڵێت "هەمو شتێکی بینراو گوزارشتی تایبەت بە خۆی هەیە، هەروەک چۆن گوزارشتەکان پێویستییان بە خۆنمایشکردن هەیە لە شوێندا، بەڵام ئەوەش لەیادناکات کە شوێنەکانی بینین هەمان ڕیتم و بەردەوامی گوزارشتیان  نییە، بەڵکو لە فۆڕمی جیاوازدا بەرجەستە دەبن، کە پێویستە لە هەرکارێکی هەڵکۆڵیندا کاریان لەسەر بکرێ، لەبەرئەوە بنیاتەکان بابەتی مەعریفی نین، بەڵکو خودی مەعریفەن"(فۆکۆ، مێشێل . ٢٠١٦، ٤٧)، ئەمە بەو مانایەیە کە فۆکۆ هەوڵدەدات "وتراو بینراو گوزارشت لە نێوەندی مادیی جیابکەنەوە، بەڵام هەروەک چۆن هەمو یاساناسەکان تەنها دەق بەرهەمناهێنن، بەڵکو شوێنیش وەک نێوەندێکی مادیی بەرهەمدێنن، ئەوان پێویستیان بە شوێنێکە کە گوزارشتەکانیان بینراو بێ نەک تەنها وتراوبێت، لەبەرامبەر پاسەوان و جەللادەکان پێویستمان بە داق و گوزارشتە تا وێنەکان ئەرک و ڕەفتارەکانیان،

گوزارشتلێکراو بێ، نەک تەنها بینراو"(فۆکۆ، مێشێل. ٢٠١٦، ٥٤)، بەو پێیەی کە هونەری شێوەکاری بەشێکە لە بەرهەمی مرۆڤایەتی، ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە هەست و سۆز و دەرون و پەیوەندییە جۆربەجۆرەکانی مرۆڤەوە، لەبەرئەوە مرۆڤ لە چەندین ڕوانگەوە هەوڵیداوە دیدگا و بۆچونەکانی لەچوارچێوەی گوزارشتکردندا بەرجەستەبکات بۆ نوێنەرایەتی کردنی هەست و سۆز و دەرون و عەقڵی بکات، هونەری شێوەکاری وەک ئامرازێکی گرنگ بەدەست مرۆڤەوە بە درێژای مێژو لە هونەری ئەشکەوتەکانەوە هەتا سەردەمی مۆدێرنە بۆ ئەم مەبەستە هونەرمەند سودی لێبینیوە، (گوزارشتگەرایی دورکەوتنەوەیە لە کۆپی کردنەوەی کەتوار لەپێناو گوزارشتکردن لەنێو قوڵایی هەڵچونە دەرونییەکان، چەمکە بنەڕەتییەکەی ئەوەیە کە هونەر نابێت تەنها لە تۆمارکردنی کاریگەرییە بینراوەکاندا سنوردار بێت، بەڵکو دەبێت گوزارشت لە ئەزمونە سۆزدارییەکان و بەها ڕۆحییەکان بکات) (المعموری، حمدیة کاظم روضا. بشائر محمد ابراهیم. ٢٠١٨. ١٧٤)، هونەرمەندانی ئەم بزاڤە زیاتر جەختیان لەسەر حاڵەتی دەرونی دەکردەرە، لەگۆڕین و شێواندن یان زێدەڕۆی کردن لە بەکارهێنانی ڕەنگ و فۆرم، "ئێکسپرێسیونیزم لەمانای گشتیدا دەتوانێت لە وەسفی هونەری هەر شوێن و سەردەمێکدا بێت، کە لەجیاتی تەماشای دنیای دەرەوە، سەرنج دەخاتە سەر حاڵەتی سۆزداری هونەرمەند، لەمانای تایبەتیدا، ئاماژەیە بە ڕێبازێك لەهونەری مۆدێرنەی ئەوروپی دەکات، کە تیایدا ڕەنگی ناسروشتخوازانەی بەهێزی فۆرمی سادەکراو یان خوارو خێچ، بۆ دەرخستنی هەست و هەڵچونەکان بەکارهاتوە " (محمد، ئارم. 2017، 200).

"گوزارشتگەرایی وەرچەرخانێک بو لە دیدگای هونەرمەند، قۆناغێکی گرنگ بو دوای فۆڤیزم بۆ ئازادکردنی ڕەنگ لە بەکارهێنانە ئەکادیمی و ناچراڵیزمییەکەی و بەکارهێنانی وەک ئەمرازێک بۆ گوزارشت، هەمو هەوڵیان بۆ ئەوە بو دوربکەونەوە لە کەتواری بینرار و دەربڕینی هەست و بیرۆکەو هەڵچونەکانیان بو"( ئۆیلەر، ج. ٢٠٠٩، ٤٤)، هونەرمەندانی ئەم بزاڤە هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە لە کارکردنیاندا لە ڕوانگەی هەست و دونیابینی خۆیانەوە کردەی هونەرییان ئەنجامداوە بۆ مەبەستی گوزارشتکردن لە وتەیەکدا کرۆتشە دەڵێت "گەوهەری هونەر دەربڕینە" (العابدی، رنا میری مزعل. 2013، ئۆنلاین)، واتا بەهای هونەر لە دەربڕینەکەیدایە، بەو ئامانجەی کە کارە هونەرییەکەی بۆ ئەنجامدراوە لە پرۆسەی وێناکردنی بیرۆکەکەدا، کە بەهۆی فۆرم یان ڕەنگەوە گوزراشتکردن دێتەبون، کە دەورن لە کەتواری ریاڵ، پاڵپشت بەوێنا هەستی و ئایدیاکانی هونەرمەند، بینەر بۆ تێگەیشتن لەڕێگەی هەستەکانەوە هەستی پێدەکات، بە عەقڵ لێکدانەوەی بۆ دەکات.

لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە بۆچونی جیاواز هەیە دەربارەی هونەر بۆنمونە لە بۆچونێکدا (شپینگلەر) دەڵێت: هەمو هونەر زمانی دەربڕینە، بەهاوکاری کۆمەڵێ ڕەگەز" (شبنجلر، اوسوالد .2018. 350)، هەروەها لە بۆچونێکی دیکە "(بندیتۆ کروتشە) دەڵێت: واتای هونەر زمانی دەربڕینە، کە تێیدا هونەرمەند لەڕێگەی پرۆسەی داهێنانەوە شتێکی نوێ پێشکەش دەکات کە جیاوازە لە کەتواری زیندو"(R, Rlibensky.(2008). 192, online). لەم بۆچونەدا کرۆتشە واتای داهێنان لە دەربڕیندا چڕدەکاتەوە بەو مانایەی لە دەربڕینخوازیدا ئامانجی داهێنان بەرفراوانە، بەبەراورد بە دوبارەکردنەوەی کەتوار (کۆپیکردن) کە تیایدا ڕێڕەوی کارکردنی هونەرمەند ڕێڕەوێکی دیارێکراوی لەقاڵبدراوە، کە ئەمەش توانستەکانی دەربڕین سڕدەکات و هونەرمەند لە ئامانجی داهێنان دادەبڕێ.

ئەگەر هونەرمەند ویلهێلم لێمبروک وەربگرین ئەوا ئەو (بارودۆخ گوزەرانەی ئەو سەردەمەی تیایدا ژیاوە لە کارەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە کە بەهۆی جەنگی یەکەمی جیهانی کاریگەری کردۆتە سەر حاڵەتی دەرونی، کە پەیکەرەکانی بەشێوەیەک لاواز و خەماوی بون، کە بە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کارەکانی دادەنرێت)، ( Lehmbruck, Wilhelm. 2022, online)بڕوانە: (وێنەی ژمارە٧، ٨، ب٢) لە کارەکانیدا ئەو حاڵەتە دەرونی و سایکۆییەی ناخی خۆی تیایدا بەرجەستە کردوە، بەڕونی هەستی پێدەکرێت، کە لە ژیانی ڕۆژانەیدا کاریگەری کردۆتەسەی کە بەهۆی جەنگەوە کاری تێکردوە وەک هەستی بارگرانی لە ژیانیدا.






(وینەی ژمارە٧، ب٢) ولهێلم لێمبرۆک

(وینەی ژمارە ٨، ب٢) ولهێلم لێمبرۆک

یەکێکی دیکە لەو هونەرمەندانە ئەمیدۆ مۆدلیانی ئیتاڵیە (١٨٨٤-١٩٢٠)، کە لەکارەکانیدا "هەوڵیداوە ڕێگەیەکی تایبەت بەخۆی بگرێتەبەر بۆ گوزارشتکردن لەو دەربڕینەی کە لە کارەکانیدا بەرجەستەی کردوە، کە هەڵگری بونیادێکی دەربڕینخوازییە لە فۆرمی فیگۆرەکانیدا بە درێژکردنەوەی بەشێک لە فۆرمی فیگەرەکان بەتایبەت درێژکردنەوەی(لوت ومل)یان کە ڕەهەندێکی گوزارشتی وەرگرتوە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە تا چەند کەوتۆتە ژێر کاریگەری هونەری (زنجی)یەوە، لەکاتێکدا چاوەکانی لەسەر شێوەی هێلکەیی بەرەو ژور سەری بەرزبۆتەوە "(جەلال، محەمەد. ٢٠٠٨، ٥٥-٥٦)، لە کارەکانی ئەم هونەرمەندەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کەوتۆتە ژێر کاریگەری هونەری زنجی ئەفریقی بە درێژکردنەوەی ڕوخسار و ملی لوتی فیگەرەکان کە دەموچاوی کردوە بە دو بەشی باریکی درێژکۆلە و ئەمەش وادەکات کە کارەکە ڕەهەندێکی گوزارشتی لەخۆی بگرێت، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە (وێنەی ژمارە ٩، ١٠، ١١، ب٢).







وێنەی(ژمارە،٩،ب٢)**هونەر بەرزنجی.**

وێنەی(ژمارە١١،١٠، ب٢)**مۆدلیانی**

یەکێکی دیکە لە هونەرمەندانی گوزارشتگەرا ماریانۆ ماریینی (١٩٠١-١٩٨٠) کە بە یەکێک لە پێشەنگانی هونەری مۆدێرنە ئەژماردەکرێت، بەتایبەت بابەتی کارەکانی (ئەسپ و سوارەکە وەک ئامرازێک بۆ بانگەوازکردن بۆ هەستکردن بەنهێنی و وزەی سەرەتایی لەباوەش گرت، کە بە ڕونی فۆرمە ڕەسەن و سادەی پەیکەرەی ئیترۆسکی دەردەخەن، لەکارەکانیدا کشان و درێژی زۆری سەر و مل و پێ و دەستەکان لە تایبەتمەندی پەیکەرەکانی بون، ئەسپسوارەکان لە حاڵەتێکی بەرزی بون بەرجەستە دەکات کە تێیدا هاوژیانییەک لە نێوان هێزەکانی سروشت و عەقڵ و عەقڵی مرۆڤدا هەیە، وێنەیەکە ماریانۆ هەستی پێکردوە، چەمکە گشتییەکانی کورتکردۆتەوە و کە سۆزەکانی دەردەبڕن)، ( Cavallo, Gentiluomo, a. 2022, online) بڕوانە: (وێنەی ژمارە١٢، ١٣، ١٤، ب٢).



وێنەی (ژمارە١٢، ١٣، ١٤ ،ب٢). ماریانۆ مارینی.

## توێژگەی سێیەم

## مۆنۆمێنت لە ڕوانگەی جیاوازدا

لە "فەرهەنگەکانی ئینگلیزی هاوچەرخ پێناسەی مۆنۆمێنت و یادگارییەکان دەکەن بە جەختکردنەوە لەسەر ئەرکەکانی یادکردنەوە، بەواتای هەر ڕوکەشێک یان قەبارەیەک هەرچییەک بێت، فۆرم بەڕونی مۆنۆمێنتەکان دروستدەکەن بۆ بیرهێنانەوەی ڕوداوە گرنگەکان و تاکەکان"( Ballentani, Federico and Mario Panico. 2016. 2) بەم هۆکارەوە دەتوانین بڵێین بونیادنانی مۆنۆمێنتەکان وەک (داهێنراوێکی (بینگەیی هونەری ڕێکخراو) لەڕوی (ڕواڵەت و ناوەڕۆکەوە)، بۆ نوێنەرایەتی کردنی یادەوەرییەکانی مرۆڤ بەرهەمهاتون، لە پێناو زیندوهێشتنەوەی ڕوداوەکان و ڕێزگرتن لە یادەوەریەکان بەگرتنەبەری (شێواز و تەکنیک) لەسەردەمی خۆیدا، بۆئەمەش بەپشت بەستن بە ڕوانگەی بینگەیی(هونەرمەند یان تەلارساز) بە ئەنجام دەگەیێنرێت کە لە نێویدا هەماهەنگی نێوان بۆشایی گشتی و ڕواڵەتە گشتییەکە فەراهەم دەکرێت کە دەچێتە خزمەتی زیاتری بەرجەستەکردنی یادەوەریەکانەوە) ,Ballentani (Federico. and Mario Panico. 2016. 2,3 لەبەر ئەوە دەکرێت بڵێین "گێڕانەوەی یادگارییەکان وەک ئاوێنەیەکی بەکۆمەڵ لە دروستبونی ناسنامە و سەربەخۆیی دەخەنەڕو بە ڕوانگەیەک کە یادگاریەکان وەک ئامرازێکی ڕەنگدانەوەی وەردەگیرێت کە شێوە بە نوێنەرایەتییە چەمکە ئەبستراکتەکانی مێژو دەدات وەک ئەزمونی گشتی بەردەستیان دەکات"(Martinez, Francisco. 2021. online) لەبەرئەوە بەگشتی دەتوانین بڵێین کاری مۆنۆمێنت لە نێوان شوێنی یادەوەریەکان و بەرهەمهێنانی (فۆرم) وێنەیەکە کە ڕابردو و داهاتو بەیەکەوە ببەستێتەوە، ئامانجی نمایشکردنی ئەم وێنەیە لە فەزای گشتیدا ئەوەی کە مێژویەک یان ڕوداوێک کە نابێت لەیادبکرێت بۆ کۆمەڵگا، نوینەرایەتیکردنی ئەو مێژوە لە ڕێگەی مۆنۆمێنتێکەوە دەبێتە بنیادێکی ناسنامەیی بۆ ئێستاو داهاتو، ئەم بنیادە وەک ڕێنیشاندەرێک وایە بۆ دروستکردنی یادەوەری گشتی، هەروەها بنیادە مۆنۆمێنتییەکان لە فەزای گشتیدا شوناسێکی تایبەتی یان یادەوەرییەکی گشتی دروستدەکەن کە لەڕێگەیەوە ئەم کۆمەڵگایە پێناسی بۆ خۆیی و مامەڵە لەگەڵ پرۆسە کولتوری کۆمەڵایەتیە دروست دەکات.

گرنگی شوێن (فەزای گشتی) لە دروستکردنی (مۆنۆمێنت)دا، دەتوانین بڵێین (ڕۆڵی شوێن کارایە لە هێشتنەوەی یادەوەریدا، بۆیە جێگیرکردنی مۆنۆمێنت لە شوێنگەی ڕوداوەکەدا، یادەوەرییەکان کە کات بە سەریدا تێپەڕیوە دەیگێڕێتەوە ناو هزرمان بەمەش ئاگامەندیمان بۆ یادەوەریەکان زیندودەکاتەوە) (Kempf, Olivia ,2016. Online).

ڕەنگە کۆی ئەو زانیاریانە بۆ پێناسەی مۆنۆمێنت لەڕوی واتاوە کە دەلالەتێکە بۆ بیرهێنانەوە و ڕێزگرتن لە چوارچێوەی بونیادە گشتی یەکەیدا بەس نەبێت بۆ کاری (مۆنۆمێنت) لە ڕوی شیکارکردنەوە، بەڵکو ناساندنی زانستی زیاتری پێویستە


لە ڕوی تایبەتمەندی و بنەماو قەبارە و پەیوەندی نێوان بەشەکان لە پێکهێنانە گشتییەکەیدا، (بۆ ئەمەش لە ڕوی قەبارەوە لە (١٥٠سم بۆ ٢١٠سم) ڕاستەوخۆ لەم قەبارەیە بەرەوسەر پێی دەوترێت مۆنۆمێنت بەناوی پەیکەری کۆمەڵایەتی Social Sculptural، دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەبێت هەڵگری یادگاری یاخود هەڵگری ئەرکێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی بێت)،(نیاز بەیاتی.٢٠٢١. سیمینار)، لەگەڵ ئەمەشدا ڕەنگە هێزی بەرگەگرتنی سروشتگەلێکی دیکە بێت لەو تایبەتمەندیانە بۆ "مۆنۆمێنت مەرجە بۆ ٣٠ ساڵ توانای مانەوەی هەبێت بۆ ئەمەش پێویستی بە ماتریاڵی بەهێز و دامەزراندنی تۆکمە دەبێت"( نیاز بەیاتی. ٢٠٢١. سیمینار)، هەر لەم میانەیەدا ئاماژە بە قەبارەیەکی دیکە دەکەین کە قەبارەی "٢١٠سم بەرەو زیاتر کە ناوزەند دەکرێ بە Domination بە مانای (زاڵبونەوە) دێت کە ئەمەش بۆ ئەوەیە بەسەر بینەردا زاڵتر بێت واتا بینەر بچوک بێتەوە لە بەرامبەر کارەکەدا ئەمەش بۆ بابەتێکی سیاسی یان ئاینی لە ٢١٠سم گەورەتر بەرجەستەی دەکەن"(نیاز بەیاتی. ٢٠٢١. سیمینار).

مۆنۆمێنتی ڕزگاری ڕۆشنبیری عێراق لە شاری بەغدا ئەم مۆنۆمێنتە نوێنەرایەتی مۆرێکی ستونی سۆمەری لە شێوەی پایەیەک دەکات، کە تا ئاستی کەوتن شکاوە کۆمەڵێ دەستی بەهێز هەوڵی نەکەوتنی دەدەن بە گوزارشتی ئەوەی کە بەرگری لە نەکەوتنی کلتوری میزۆپۆتامیا دەکەن، کە پایەکە بە نوسینی مێخی نوسراوە، ئەم مۆنۆمێنتە لەلایەن هونەرمەندی عێراقی (محمد غانی حیکمەت) لە ساڵی٢٠١٠ دروستکراوە، بەم ڕوانگەیە هونەرمەند هەوڵیداوە (گوزارشت لە دۆخی سیاسی و کلتوری عێراق بکات کە مۆنۆمێنتەکە دەکەوێتە بەردەم بازنەی قەرەباڵغ قەزای مەنسوری بەغدا کە فۆڕمێکی شکاوی لولەی هاوشێوەی مۆری لولەی سۆمەری تێدایە کە فیگەرێک لەلایەن پێنج قۆڵی بەهێزی بەرگری دەکەن لە نەکەوتنی، بە گشتی مۆنۆمێنتەکە پێکهاتوە لە فیگەرێکی بەهێز کە پێنج هۆڵی بەرگری لە نەکەوتنی فۆڕمێکی لولەکی گەورە دەکەن بە نوسینی مێخی نوسراوە مۆنۆمێنتەکە بەرزی شەش مەترە بنیادنراوە بەو بنکەی کە لەسەری دانراوە دەبێت بە ١٠ مەتر بێت)(Ehab, Yassin. 2022. Online). بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە وێنەی (ژمارە١٥، ب٢).



وێنەی (ژمارە، ١٥، ب٢) محمد غانی حیکمەت

لە دامەزراندنێکی هاوچەرخانەیەی مۆنۆمێنتدا بەر توانستێکی هزری و بینگەی نوێ دەکەوین کە تیایدا تەکنیکی گوزارشت کردن خاوەنداری ڕواڵەتێکی پەیکەری هاوچەرخ دەکات کە ئەویش مۆنۆمێنتی ماندێلایە کە بۆ (یادگاری کەسایەتی نێلسۆن ماندێلا ئەنجام دراوە لەلایەن هونەرمەندێکی ئەفریقای باشور (مارکۆ سیانفانێلی) کە بۆ یادی پەنجا ساڵەی دەستگیرکردنی چالاکوان و سیاسەتمەداری ئاستی ماندێلا دروستکراوە، کە پەنجا ستون نوێنەرایەتی پەنجا ساڵی خەباتی ماندێلا





دەکات کە ساڵی ٢٠١٢ بنیادنراوە کە کاریگەری گۆڕانی کەشوهەوای پشت دەوروبەری لەسەرە)،( Ayoub, Manal Helal. 2015. P.321) بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە وێنەی (ژمارە،١٦، ب٢). وێنەی (ژمارە،١٦، ب٢) مارکۆ سیانفانێلی

ئەم کارە بە ڕوانگەیەک بنیادنراوە بۆشایی ڕۆڵی کارا دەبینێ لە کارەکەدا، فۆڕمەکە بەگشتی بە ڕوانگەیەک بنیادنراوە کە پێکهاتوە لە کۆمەڵێک ستونی ئاسن کە لەنێوان هەر دو ستونێکدا بۆشایی هەستی پێدەکرێت کە بەهەمویان ڕوخساری ئەم کەسایەتیە بەرجەستە دەکەن ستونەکان لەسەر ڕوبەرێکی کۆنکرێتی جێگیرکراون بەڕەنگی ڕەش، ژمارەی ستونەکانیش پێکهاتوە لە (٥٠) ستون کە گوزارشتە بۆ مارەی کە لە زینداندا بوە، و کۆی ستونەکان جارێکی دیکە گوزارشتن بۆ ستونەکانی هۆڵی زیندان.

هاوکات لە دامەزراندنێکی دیکەی مۆنۆمێنتی هاوچەرخدا لەنێوان بەردەوامی و تێپەڕبونی کاتدا، ئەوەی دەمێنێتەوە یادەوەرییە، یەکێ لەو یادەوەریانەی کە لەمێژودا تۆمارکراون هێرشی یازدەی سێپتەمبەرە لە شاری نیۆرك لە کردەوەیەکی تیرۆرستیدا دو تاوەری بازرگانی لە لێواری دارماندابون بۆ یادکردنەوەی ئەم ڕوداوە هونەرمەند هەوڵیداوە لەڕێگەی مەتریاڵێکی جیاواز کە ڕوناکییە گوزارشت لەم ڕوداوە بکات ئەویش لەڕێگەی (دو تیشکی ڕوناکی لەهەمان شوێنی ڕوداوەکە، کە نوێنەرایەتی ڕوداوەکە دەکەن لە کاتێکی دیارکراودا ئەویش شەوانەیە کە دو تیشکەکە بەشێوەی ستونی بەرەو ئاسمان دەردەکەون و بەرزدەبنەوە، وا لەتاوەرەکان دەکەن وەک دو تیشکی ڕوناکی دەربکەون بەجۆرێك لەدو کاتدا بەڕوانگەی جیاواز دەربکەون کە دیالێکتیکی نێوانیان دەپارێزێت بەجۆرێك بنکەی بیناکان چاڵە و بەشێوەیەک زەوی داگیرکراوە دەمانخاتە شوێنێکی چاڵی ڕەشەوە ئێمە دەخاتە قوڵایی زەویی کە ئەمەش هەستێکی تایبەت دەوروژێنێت)( Sturken, Marlta. 2015. P475-476) بەم جۆرە هونەرمەند هەوڵیداوە لەڕێگەی تیشکی ڕوناکی (وزەی ڕوناکی) گوزارشت لەم ڕوداوە بکات بەردەوام لەکاتێکی دیاریکرودا دوبارە دەبێتەوە کە هەریەکە لە تیشکی ڕوناکییەکان نوێنەرایەتی تاوەرێك دەکەن بەجۆرێك کە لو شێوەی ژمارە یانزە دەچێت و لەسەر لێواری ئەو سەکۆیەی حەوزەکەی ناوی هەمو ئەو قوربانیانە نوسراون کە لەکاتی کارکردندا گیانیان سپاردوە، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە وێنەی (ژمارە١٧،ب٢)



وێنەی(ژمارە١٧،ب٢)هونەرمەند(Gustavo Bonevardi)، تەلارساز(John Bennett)

## بەشی سێیەم

## میتۆد و جێبەجێکردنی شیکاری توێژینەوەکە

### I. ڕێبازی توێژینەوە:

توێژەر پشت دەبەستێت بە ڕوانگەی شیکردنەوە و پێداهەڵگوتن، چونکە ئەمە یەکێکە لەو ڕوانگانەی دەگونجێن، کە دەچەسپێت لەگەڵ زانست و ئەدەب و هونەر، بەمەش ئەم کارانەی لەبەرچاوە لە پێکهاتە و کردار دەکەوێتە ژێر ئاستی شیکردنەوە و ڕونکردنەوەی بابەتەکە.

### II. کۆمەڵگای توێژینەوە:

زۆری و هەمەجۆری لە ڕوانگەی کارکردنی هونەرمەندان لە هەرێمی کوردستانی عێراق وایکردوە کە توێژەر زیاتر هەڵوەستە لەسەر کارە هونەرییەکان بکات و خۆی چڕبکاتەوە لە چەندین پەیکەری هاوچەرخ لە چوارچیوەی هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە)، کە نوێنەرایەتی ئەم نمونانەیان دەکەوێتە سەر (ڕوانگەی گوزارشتگەرایی مۆنۆمێنتیەکانی کوردستانی عێراق)، لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٩١_٢٠٢٢)، بەپێی سنوری توێژینەوەکە.

### III. نمونەی توێژینەوە:

توێژەر هەڵدەستێت بە دەستنیشانکردنی سنوری ناونیشانی توێژینەوەکە دەستنیشان دەکات (ڕوانگەی گوزارشتگەرایی مۆنۆمێنتەکانی هەرێمی کوردستان)، لەبەرئەوەی نمونەی زۆر فراوانمان هەیە لەم بابەتە توێژەر هەوڵدەدات بە دەستنیشانکردنی چەند نمونەیەکی هەڵبژێردراو، کە ببێتە نمونەیەکی مەبەستی لەم خاڵانەی خوارەوە:

١- بە شێوەیەکی گشتی گوزارشت لە کۆمەڵگای بنەڕەتی توێژینەوەکە بکات.

٢- ئەم نمونانە کە خەسڵەتی ڕوانگەی هونەری و هزریی بەرزیان تێدایە بۆ دەستنیشانکردنی ناوەڕۆکی بابەتی توێژینەوەکە.

٣- ئەم نمونانە هەڵگری ڕوانگەی گوزارشتگەراین لەدامەزراندندا، کە هەڵسەنگاندنێکی جیهانی تێدایە.

٤- ئەم نمونانە یارمەتیدەرن بۆ توێژەر هەتا ڕوانگەی گوزارشتگەرایی و مۆنۆمێنتەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بخاتەڕو.

### IV. ئامراز و کۆکردنەوەی زانیاری:

توێژەر بۆ کۆکردنەوەی نمونە هونەریەکان پشتی بەستوە بەو کردە هونەریانەی کە لە ڕوبەری گشتییەکان لە هەرێمی کوردستان جێگیرکراون لەژێر ناونیشانی مۆنۆمێنتدا بۆ ئەمەش سەردانی مەیدانیم کردوە بۆ شوێنی مۆنۆمێنتەکان بەمەبەستی بەدەستخستنی (وێنەی فۆتۆگرافی) مۆنۆمێنتەکان.



## .7 شیکردنەوەی نمونەکان:

**نمونەی (١)**

**ناوی کار:** مۆنۆمێنتی کارەساتی ١٩٧٤ /٤/٢٤ قەڵادزێ.

**هونەرمەند:** هادی زیائەدینی.

**ماتریاڵ:** چیمەنتۆ.

**مێژوو:** ساڵی ٢٠١١

**شوێن:** دەروازەی شاری قەڵادزێ.

**پێوانە:** بنکە (٤م)، کارەکە (٣م).

**خاوەنداریەتی:** موڵکی گشتی.

**ڕوپێو:** ڕواڵەتی مۆنۆمێنتی کارەساتی قەڵادزێ پێکهاتەیەکی دو فیگەری و کۆتەڵێکی سێ ڕەهەندی، بەرجەستەکراوە لە فۆڕمی لەتەنیشت یەک وەستاوی(ژن و پیاو)ێکدا بە پۆشاکی نەتەوەییەوە بۆ نوێنەرایەتی کردن و زیندو هێشتنەوەی (کارەساتی بۆردومانی قەڵادزێ) لە یادەوەری کۆمەڵگەدا، لەم دامەزراندنە هونەریەدا هونەرمەند تەکنیکی جوڵەی بەکاربردوە لە بەشی سەرەوەی فیگەرەکاندا و بە دیاریکراوی لە قۆڵ و دەستەکاندا کە بۆ سەرەوە بەرزکراونەتەوە، هەروەها بەرجەستەکردنی جوڵە لە پۆشاکەکانیاندا، فۆڕمی دەموچاوی فیگەری ژنەکە بەجۆرێکە کە دەمی کراوەتەوە و هەست بە ترس دەکرێت لە ڕوانگەی دەموچاویەوە، وفیگەری پیاوەکە لە ڕوانگەی دەموچاویەوە هەست بە توڕەی و ڕق دەکەین، کۆی هەردو فیگەرەکە بە قەبارەی (٣مەتر) بەرجەستەکراون بە ماتریاڵی چیمەنتۆ، هەردو فیگەرەکە بە کۆتەڵێک گەمارۆدرە کە دەکەوێتە بەشی پشتەوەی، کۆی بەرهەمەکە جێگیرکراوە لەسەر دوبنکەی لەسەریەک کە شێوەیان ئەندازەییە و ڕوپۆشکراوە بە کاشی، لەڕوی شێوازی کارکردنەوە هونەرمەند پشتی بەستوە بە شێوازی کەتواری گوزارشتگەرایی.

**بیرۆکە:** لەم کردە هونەرییە بەدیهاتوەدا هونەرمەند بە ڕوانگەیەکی جیاواز لەهەر کردەیەکی هونەری دیکە گوزارشت لە دامەزراندنی خەم و پەژارەی نەتەوەکەی کردوە کە تیایدا ژن و پیاو بە قەبارەیەکی هاوسەنگ بەرجەستەکراون و خراونەتەرو کە لە ڕوانگەی هونەرمەندا نیشاندانی یەکسانی ئەو دو ڕەگەزەیە لە چەشتنی ئازار و مەینەتیەکاندا و ئەو کۆتەڵەی بەشی پشتەوەی هەردو فیگەرەکە کە بە نزیکەی ئاستی کەمەریان بە ڕوانگەیەک بەرجەستەکراوە کە جوڵەی ئەو کۆتەڵە کە لە بەشی پێشەوە پێکهاتوە لە چەند کۆتەڵێکی کەوانەیی بەرز و نزم، کە بوەتە بەشێک لە قاچی هەردو فیگەرەکە، کە دەتوانین بڵێین دەربڕینە بۆ بەردەوامی و ئەو کارەسات و ڕوداوانەی کە لەڕابردودا گەلی کورد ڕوبەڕویان بۆوەتەوە.

**شێواز:** هونەرمەند بۆ ئەنجامدانی ئەم کردە هونەرییە پەیکەرسازییە، کە بۆ (یادی کارەساتی ١٩٧٤/٤/٢٤ی قەڵادزێ) ئەنجامی داوە، ڕوانگەیەکی ئەکادیمی بەکارهێناوە کە تیایدا تەواوی ئۆرگانەکان و دیراسەکردنی پۆشاک و جوڵە و فۆڕمی گشتی گرنگی پێدراوە لە پێناو دەرخستنی ئەو هێزی گوزارشتەی کە هونەرمەند بە مەبەست دیاریکردوە، تەکنیکی بەرجەستەکردنی جلوبەرگی فیگەرەکان ڕوانگەیەکی جوانیناسی بە کارەکە بەخشیوە لە جوڵەو بەرجەستەکردنی چرچ ولۆچی جلوبەرگی فیگەرەکان، هونەرمەند هەوڵیداوە لەگەڵ بیرۆکەو هزری هونەریدا لە ڕێگەی تەکنیکێکی ئەکادیمییەوە توانستی ئیستاتیکی بخاتەڕو لەپێناو کامڵکردنی بەرهەمەکەدا بگونجێنێت، لە ڕوانگەی گوزارشتکردنێکی جیاوازی

نمونەیدا، لە ڕوانگەی بینینی مۆنۆمێنتەکەدا هەست و نەستی بینەر دەجولێنێت بەهۆکاری چێژبینینی لەکارەکە، هەروەها ڕوانگەی دارشتنی کارە مۆنۆمێنتیەکەی هونەرمەند (هادی زیائەدینی) شێوەیەکی ڵاکێشەی وەرگرتوە بە ئاراستەی سەرەوە بەهۆکاری وەستانی هەردو فیگەرەکە، کە ڕوانگەیەکی هاوسەنگی وەرگرتوە لە نێوان هەردو فیگەرەکە، کە ئەمەش هۆکارە بۆ ڕوانگەی گوزارشتگەرایی و دامەزراندنی پەیکەری مۆنۆمێنت لە کارەکانی هونەرمەندی ناونراو، هەر لەبەر هەمان هۆکار تەکنیکی کارەکە خۆی دەبینێتەوە لە ڕوانگەی هونەری بۆ نیشاندانی بیرۆکە و فۆرم و گوزارشتکردن لە دامەزراندنی مۆنۆمێنتەکەدا، ڕەنگی کارە بەدیهاتوەکەش بە ڕەنگێکی ئاڵتونی تۆخ ڕوپۆشکراوە.

دەکرێ ڕوانگەی گوزارشتگەرایی بۆ هەر بەرهەمهێنانێکی هونەری و فۆرم خستنەوەیەک بۆ بەستنەوە بە ئاستی کارایی ئەو توانستە بینگەییەی کە لەسەر بنەماو پرنسیپەکانی درکپێکردنی عەقڵی و هەستەوەری کە هونەرمەند بۆ بونیادنانی بەرهەمەکەی پشتی پێ دەبەستێ لە ڕێگەی تەکنیک و شێواز و مەتریاڵەوە، جێگەی سەرنجە ئەم بەرهەمە هونەریە لەدەرەوەی ئەو حوکمەدایە بەو پێیەی کە بنەمای درک پێکردنی عەقڵ و هەستیاری هونەرمەند بۆ ئاوها کارەساتێک کەمترین بەشداری هەبوە و نەیتوانیوە سنوری (باوبون) ببڕێت کە ئەم بۆ پرسی مەتریاڵ و تەکنیکیش ڕاستە، بەوەی کە (ماتریاڵی چیمەنتۆ و بۆیاخکردنی) هێندەی دیکە شکۆی ئەو کارەساتەی هێناوەتە خوارێ و لەئاست یادەوەری جەماوەرەکەیدا نییە، لەهەمان کاتدا سیمای ڕێکخستن و پەیوەندی (بنکەو کارەکە) لە پەیوەندیەکی ئیستاتیکی لاوازدا خراوەتەڕو، ئەمەش ئەو ڕاستیە بەرهەمدێنێت کە توانستی ڕوانگە و دامەزراندنی ئیستاتیکی لەم دامەزراوە هونەریەدا لە بەرامبەر ئەو کارەساتەدا لە ئاستێکی پێویستدانییە، جگەلەوەی کە دیزاین و تەلارسازی بەشێوەیەکی بەرچاو نادیارە.




**نمونەی ٢**

ناوی کار: مۆنۆمێنتی پانۆڕامای ئازادی. ساڵی بەدیهێنان: ٢٠٠٦

هونەرمەند: عدنان شینۆ. پێوانە: ١٢ مەتر.

مەتریاڵ: برۆنز. شار: سەنتەری شاری دهۆک.

ڕوبەری گشتی: ٥٠٠ مەرتر چوارگۆشە. خاوەنداریەتی: موڵکی گشتی

**ڕوپێو:** ئەم کردە مۆنۆمێنتییە پێکهاتوە لەدو کۆتەڵی سێ ڕەهەندی، هەردو کۆتەڵەکە تەواوکەری یەکترن بەڕوانگەیەک کە کۆتەڵی دوەم پێکهاتوە لە دو کۆتەڵی شێوە ستونی کە لەبەشی سەرەوە یەکیانگرتوە لە فۆرمێکی شێوەی دیواری لاکێشەیی، کە هەریەکە لەم کۆتەڵە شێوە ستونیانە پەیکەری بارز و هەڵتۆقیو پۆرترێتی ژن و پیاو منداڵ و بەدیدەکرێ، بەگشتی بەشی ناوەوەی ئەم کۆتەڵە بۆشاییەک بەدیدەکرێت کە فۆرمی ئەو بۆشاییە بەڕوانگەیەکە کە کۆتەڵی یەکەمی هەست دەکەی کە لەم بۆشایی کۆتەڵی دوەمەوە دەرچوە، فۆرمەکە لە بەشی سەرەوەی پێکهاتوە لە پۆرترێتی ژن و پیاوێک کە پیاوەکە لەپشتەوە دەستی ڕاستی خستۆتە سەر شانی ژنەکە و ژنەکە دەستی ڕاستی بە ئاراستەی سنگی پیاوەکەیە، و لە بەشی خوارەوەی ئەم دو پۆرترێتە کۆمەڵێک پەیکەری هەڵتۆقیو بە پێوانەی جیاواز لە هەردو ڕەگەزی ژن و پیاو، هەریەکە لەو پەیکەرانە لە ڕوانگەیەکی جیاواز و قەبارەو جوڵەی جیاوازدا بەرجەستەکراون، بە ڕوانگەیەک زۆرینەی ئەو پەیکەرە هەڵتۆقیوانەی نزیک ئاستی سنگی دو پۆرترێتە سەرەکیەکە بچوکن تا ئاستی ونبونیان، ئەمە لەکاتێکدایە کە لە بەشی خوارەوەی فیگەرەکان گەورە و بارزترن بەگشتی کۆی پۆرترێت و فیگۆرەکان بە جلوبەرگی نەتەوەیی بەرجەستەکراوەن، کۆی گشتی ئەم دوکۆتەڵە هونەری(مۆنۆمێنتی)یە بە بەرزی (١٢مەتر) بە ماتریاڵی برۆنز بەرجەستەکراوە، هەروەها هونەرمەند لە بەرجەستەکردنی ئەم کردە هونەرییە پشتی بەستوە بە ڕوانگەی کەتواری ئەکادیمی.

**بیرۆکە:** هونەرمەند لە دامەزراندنی ئەم کردە هونەرییەدا هەوڵیداوە بە ڕوانگەیەکی جیاواز گوزارشت لە چەمکی ئازادی نەتەوەیی بکات، کە فۆرمە سەرەکییەکە (ژن و پیاو) هاوشانی یەکتر بەرجەستەکراون کە بە یەکسانی ڕۆڵیان هەبوە لە ئازادی نەتەوەیی بە ڕوانگەیەک کە لە کۆتەڵی دوەمدا ئەو بۆشاییەی کە بەجەستەکراوە لە بەشی پشتەوەی کۆتەڵی یەکەم دورکەوتۆتەوە بە شێوەی فۆرمێکی ئازاد و سەربەستانە کە فیگەری ژن و پیاو بە ڕوانگەیەکی هاوسەنگ بە تەنیشت یەکەوە بە گوزارشتی یەکسانی لە نێوان هەوڵ و بەرخودانی هەردو ڕەگەز کە سەربەستانە دەردەکەون بەبێ بونی هیچ بەربەستێ کە لەفەزای ئازاددا بە گوزارشتی سەربەستی و ئازادی کە لە چەندین فیگەر و جوڵەی جیاوازدا کە بە جلوبەرگی نەتەوەیی بەرجەستەکراون، لە دامەزراندنی مۆنۆمێنتەکەدا کە بەشێوەیەکی لاکێشەی وەستاو دەردەکەوێت بە گوزارشتی سەربەستی و مانەوە و خۆڕاگری.

**شێواز:** هەنەرمەند بۆ ئەنجامدانی ئەم کردە هونەرییە (مۆنۆمێنت)ییە کە بەناونیشانی (پانۆرامای ئازادی) ئەنجامیداوە، ڕوانگەیەکی ئەکادیمی بەکارهێناوە لە بەرجەستەکردنی فۆرمی فیگەر و فۆرمی پێداویستیەکانی دیکە بە وردەکاری بە ڕوانگەی کەتواری گوزارشتگەرایی ئەمەش لە پێناو هەرچی زیاتر دەرخستنی ئەو هێزی دەربڕینەی کە لە خزمەتی ناونیشانی کارەکەدایە، تەکنیکی بەرجەستەکردنی فۆرمی گشتی و جلوبەرگی فیگەرەکان ڕوانگەیەکی جوانیناسی بە کارەکە بەخشیوە لە قەبارە و جوڵە و بەرجەستەکردنی چرچی و لۆچی جلوبەرگی فیگۆرەکان هونەرمەند هەڵیداوە لە ڕوانگەی تەکنیکی ئەکادیمییەوە توانستی جوانیناسی بخاتەڕو بە ئامانجی کامڵکردنی بەرهەمەکە، لە ڕوانگەی گوزارشتی جیاوازدا لە ڕوانگەی بینینی مۆنۆمێنتەکەدا کاریگەری لەسەر هەست و نەستی بینەر دروست دەکات بەهۆکاری چێژبینینی لە کارەکە، ڕوانگەی بەرجەستەکردنی کردە هونەرییەکەی (عدنان شینۆ) شێوەیەکی لاکێشەیی وەرگرتوە بە ئاراستەی سەرەوە بەهۆکاری کۆکردنەوەی فیگەر و پۆرترێیت و فۆرمە بەرجەستەکراوەکانی دیکە لە جەستەی دوفیگەرە سەرەکییەکە کە ئەمەش ڕوانگەیەکە لە گوزارشتکردن و دامەزراندنی پەیکەری مۆنۆمێنت لە کارەکانی هونەرمەند عدنان شینۆ،

هونەرمەند لە ڕوانگەی هونەرییەوە بۆ نیشاندانی بیرۆکە و فۆرم لە گوزارشتکردن و دامازراندنی پەیکەرە مۆنۆمێنتییەکەدا ڕەنگی بە ڕەش ڕوپۆشکردوە، ئەوەی جێگای ئاماژەبۆکردنە ئەوەیە کە ئەم کردە هونەرییە لە دیزاینی تەلارسازی بەدەرە...

دەکرێ ڕوانگەی گوزارشتگەرایی بۆ بەرهەمهێنانی کردەیەکی هونەری (مۆنۆمێنت) ئاماژەیەک بێت بۆ خستنەوەی فۆرم لە شوێنێکدا بە ماتریاڵ و قەبارە و ڕەنگ دەربارەی چەمکێکی دیاریکراو بە ئاستی کارایی و ئاگایی ئەو هونەرمەندە لەسەر بنەمای درک پێکردنی عەقڵی و هەستی کە هونەرمەند بۆ بنیادنانی کارەکە پشتی پێ دەبەستێ لە ڕێگەی تەکنیک و شێواز و مەتریاڵ و ڕەنگ لە فەزای گشتیدا، جێگای سەرنجە بەرجەستەکردنی دو کۆتەڵی ئاوها بەو فۆرم و قەبارەیە لەبارەی ناونیشانی(پانۆرامای ئازادی) توانا و ئاگایی درککردنی عەقڵی هونەرمەند نیشان دەدات کە فۆرمی یەکەم ئازادانە و سەربەستانە نەهۆی دورکەوتنەوە لە فۆرمی کۆتەڵی دوەم کە داخراوە و وەک چوارچێوەیەک کە کۆتەڵی یەکەم لێی دورکەوتۆتەوە بە ڕوانگەیەک دیدگا و تەکنیکی خستنەڕو لە کارەکەدا لە پەیوەندییەکی ڕێکخراودان لە نێوان هەردو کۆتەڵکە لە دارشتنی گشتی کارەکە و تەکنیکی بەرجەستەکردن کە بەڕوانگەیەکی ئەکادیمی فیگەرەکان و فۆرمە گشتییەکەی بەرجەستەکردوە کە دەتوانین بڵێین ناونیشانی کارەکە لەگەڵ فۆرمەکەدا هاوتەرییە واتا فۆرمەکە هەڵگری ئەو چەمکەیە کە هونەرمەند کاری بۆ کردوە، بەرجەستەکردنی کارەکە بەو قەبارە و ماتریاڵی برۆنز بەهایەکی زیاتری بە کارەکە بەخشیوە.

## ئەنجامەکان

**١-**دەلالەتی هونەری و تێڕامان لە نمونەی (١، ٢)دا بەرجەستە بوە.

**٢-** لە نمونەی (١)دا دەلالەتی کارەساتی قەڵادزێ (بۆردومان) بەرجەستە دەکات، بەهەمان شێوە لە ڕوانگەیەکی دیکەی هونەریدا لە نمونەی(٢)دا بۆ دەلالەتی پانۆرامای (ئازادی) بەرجەستە بوە.

٣-لە نمونەی(١)دا جوڵەیەکی دینامیکی بەرجەستەکراوە کە بەرهەمی ڕوانگەی ئیستاتیکی هونەرمەندە، بەڵام لە نمونەی (٢)دا بۆشایی چالاکە کە ئەمە ڕوانگەیەکی ئیستاتیکی هونەرمەندە بۆ چەمکی ئازادی و کارەکە.

٤-لە نمونەی (١،٢)دا فۆرمەکان هەڵگری ئەو چەمک و ڕوداوەن کە تیایدا بەرجەستە کراون.

## دەرەنجامەکان

دوای شیکردنەوەی نمونەکانی توێژینەوەکە توێژەر گەیشتە ئەم دەرەنجامانەی لای خوارەوە.

١-ڕوانگەو دەلالەتی گوزارشتکردنەکان جیاوازن لە بونیادنانی مۆنۆمێنتەکانی هەرێمی کوردستان.

٢-قەبارە و ماتریاڵ و شێواز و تەکنیک و ڕەنگەکان جیاوازن لە گوزارشتی مۆنۆمێنتەکانی هەرێمی کوردستان.

٣-ڕوانگەی گوزارشتگەرایی پرۆسەیەکی عەقڵی و زەینیە بە حوکمی تێڕامان لە چەمکی مۆنۆمێنتەکان.

**پێشنیارەکان**

توێژەر لە ئەنجامی شیکردنەوەی نمونەکان و ئەنجام و دەرئەنجامەکان پێشنیار دەکات:

١-لێکۆڵینەوەی مەیدانی ئەنجام بدرێ لە شوێنگەی ڕوداوەکان کە مۆنۆمێنتەکانی تیادا بەرجەستە دەکرێت لەڕوانگەی هاوسەنگی نێوان فۆڕم و ناوەڕۆک.

٢-ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی مەیدانی بۆ شوێنگەی ڕوداوەکان کە مۆنۆمێنتەکانی تیادا بەرجەستەدەکرێ لەڕوانگەی بەکارهێنانی ماتریاڵی جۆراوجۆر تاچەند لەخزمەتی فۆڕم و ئەو چەمکەدایە کە مۆنۆمێنتەکە لەگەڵ خۆیدا هەڵیدەگرێت، بەو مانایەی تاچەند ماتریاڵەکان خۆڕاگرن و توانای مانەوەیان هەیە لەگەڵ ئەو فەزا گشتییەی کە مۆنۆمێنتەکانی تیایدا بەرجەستە دەکرێت.

٣-پێویستە توێژینەوەی زانستی ئەکادیمی دەربارەی ڕوانگەی گوزارشتگەرایی مۆنۆمێنتەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت لە چوارچێوەی توێژینەوە و کتێبی هونەری و بڵاوبکرێتەوە ببێتە سەرچاوە بۆ بەرچاوڕونی ئەم بوارە.

٤-بەرجەستەکردنی ڕوداو و کارەسات و چەمکەکان لە ڕوانگەی جیاوازی گوزارشتگەرای لە چوارچێوەی پەیکەری مۆنۆمێنتیدا لە هەرێمی کوردستان.

**ڕاسپاردەکان:** بۆ زیاتر گرنگیدان بە ڕوانگەی گوزارشتگەرای و مۆنۆمێنتەکانی هەرێمی کوردستان، توێژەر ئەم ڕاسپاردانە دەکات.

١-توێژینەوە بکرێت دەربارەی ڕوانگەی گوزارشتگەرای و مۆنۆمێنتەکانی هەرێمی کوردستان.

٢-توێژینەوە بکرێت دەربارەی کوالێتی پەیکەرە مۆنۆمێنتیەکانی هەرێمی کوردستان کە لەناو فەزای گشتی بنیادنراون.

٣- وەرگێڕانی هەندێ بابەت و توێژینەوە و کتێبی هونەری لەبارەی ڕوانگەی گوزارشتگەرایی و مۆنۆمێنت لەنێو کولتورە جیاوازەکاندا لە زمانی بیانییەکان بۆ سەر زمانی کوردی لە ناوەندە هونەری و ڕۆشنبیرییە گشتی و تایبەتیەکانی هەرێمی کوردستاندا.

# The Expressionism Perspective of the Kurdistan Region's Monuments

**Rasti Khdir Ahmad[1] - Azad Jamal Tahir[2]**

[1+2]Department of Painting, College of Fine Arts, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

Abstract:

The question of the Kurdistan region's monuments is different because the view is controlled by of time and place, as well as the external and nuclear factors that affect the artist's mind and feelings, so we can say science and art have one source: art embodies the impact of reality through artistic text, but science lays the foundation of theory because of understanding the law, and art goes from public text to private, and science from private to public.

Expression is an important subject that directly embodies expressions at different levels and different perspectives in the art form. From here we can see that expression is an understanding of the mind and a sense of involvement in mental action and changing to imagination, expressing a goal with words, pictures, movements or any concrete form such as statues, symbols and images express meaning, the construction and expression of statues can be the process in which the artist's artistic visualizations are performed. The process of skeleton expression and monuments is an executive process and embodies different perspectives to provide forms with different expressions, which have been worked on in different artistic directions with a clear perspective, and in each direction, a dimension or more is taken into consideration, for example. In the era of classical art, the reality that originated from paying attention to thought and nature was reflected in their artistic works and they cared about embodying the human body, but in modern times, changes in embodiment of expressions came in the actions of the statues in (space, form, human, movement) And this is at a time when in the modern era, embodiment of expressions has been worked on in different perspectives that non-materials often become a substitute for form and material)

Keywords: Perspective (point of view), Expression, Monument.

## سەرچاوەکان


هەژار، عبدالرحمان شرفکندی.(١٣٩١ هەتاوی). هەنبانە بۆرینە فەرهەنگی کردی فارسی، چاپی هەشتەم.

مستەفا، کەریم. (٢٠٢١)، لێکسیکۆنی هزر و فەلسەفی، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی.

قەرەداغی، محەمەد مستەفا. (٢٠١٢)، فەرهەنگی زاراوەکانی هونەر ئینگلیزی-کوردی، چاپی دوەم، چاپخانەی بلاوکردنەوەی چوارچرا.

نیاز، بەیاتی (٢٠٢١)، سیمینار ١٠/٥/ ئەزمون و کاری پەیکەری مۆنۆمێنت، کۆلێژی هونەر زانکۆی سلێمانی هۆلی علی جۆلا، کاتژمێر ١٠ بەیانی.

ئۆیلەر، ج.(٢٠٠٩). ئێکسپرێسیۆنیزم چییە. وەرگێر، ئازاد حمە شەریف. گۆڤاری شێوەکاری، ژمارە (٢٥) دەزگای مێرگ، هەولێر.

جەلال، محمد. (٢٠٠٨)، هونەری پەیکەرسازی مۆدێرن. وەرگێر، جەزا بکر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

دیجینە، شمید. (٢٠١٥)، نیگارکێشان لەسەدەی بیستەمدا، وەرگێر، وەهبی ڕەسوڵ. چاپی دوەم.

فۆکۆ، مێشێل. (٢٠١٦). فۆکۆ فەیلەسوفی هۆلی هەشتەم، کۆمەلێک نوسەر، چاپخانەی سەردەم. کوردستان سلێمانی.

فریفیل،جان، (٢٠١٩)، تێزەکانی مارکس-ئەنگلس لەبارەی ئەدەب و هونەر، وەرگێر، فوئاد مەجید میسری. چاپخانەی تاران.

گارا. (٢٠٠٥)، هونەری شێوەکاری مۆدێرن لە فرانچیسکا گۆیاوە تا سوریالیزم، دەزگای چاپ و بلاوکراوەی ئاراس. سلێمانی.

محمد، ئارام. (٢٠١٧). ئینسایکلۆپیدیای هونەری مۆدێرن و هاوچەرخ. چاپخانەی مانگ. بانە.

دوی، جون. (١٩٦٣)، الفن الخبره، ت زکریا آبراهیم، دارالنهضه العربیه.

شبنجلر، أوسوالد. (٢٠١٨). تدهو الحصارة الغربیة، ترجمة أحمد التیبانی، منشورات دارامکتبه الحیاة بیروت، الجزء الاول.

صلیبات، جمیل. (١٩٨٢)، المعجم الفلسفی، بالالفاظ العربیة والفرنسیة والانکلیزیة والاتینیة، الجزء الاول. دارالکتاب اللبنانی. بیروت.

عباس، محمد فهمی. (٢٠١٩)، السمات التعبیریة فی رسوم الفنان عبدالرزاق یاسر، کلیة الفنون الجمیلة، مجلة الاکادیمی..pdf

العابدی، میری مزعل. (٢٠١٣)، فلسفة الفن عند کروتشة، کلیة الفنون الجمیلة، شبکه جامعة بابل، القسم التصمیم

غادامیر، هانز جورج. (٢٠٠٧). وطرق هیدغر، ترجمة حسن ناظم، علی حاکم صالح، دارالکتاب الجدید المتحدة، بیروت.

نعمان، منصور. (٢٠٢٢). الرؤیة والتعبیر فی الفن والفکر، البناء یومیة سیاسیة قومیة اجتماعیة. انظر هذا الربط

المعموری، حمدیة کاظم روضان. بشائر محمد ابراهیم. (٢٠١٨). الآبعاد التربویة فی الرسم التعبیری. مجلة جامعة بابل، العلوم الآنسانیة. المجلد٢٦، العدد٣، جامعة بابل/ کلیة الفنون الجمیلة.Doc

https://www.al-binaa.com/archives/article/91828

Ayoub, Manal Heal. (2015). A simplified procedure. For anamorphic sculpture. Architectural Formation & Restoration Pept, faculty of Applied Arts, Helwan University Egypt. Pdf

R, Rlibensky. (2008). My Philosophy-And Other Essays on the Moral and Political Problems of Our Time: With an Essay from Benedetto Croce- An Introduction to his philosophy by Raffaello piccolo. Translator E.F. Carritti.

Sturken, Marlta. (2015). The 9/11 Memorial Museum and the Remaking of Ground zero, Published by Johans Hopkins, University press. (Article) pdf.

Lehmbruck, Wilhelm. (2022). Lempertz. Available from: https://www.lempertz.com/en/catalogues/artist-index/detail/lehmbruck-wilhelm.html last accessed (25/4/2022).

Bellentani, Federico. And Mario Panico. (2016). The meanings of monuments and memorials: toward a semiotic approach. Available from:https://www.researchgate.net/publication/309097572-Themeanings-of-monuments-and-memorials-toward-a-semiotic-approach last accessed(28/4/2022).

Cavallo, Gentiluomo a. (2022). Christies. Available from: https://www.christies.com/en/lot/lot/-5176279 last accessed(29/4/2022).

Martinez, Francisco. (2021). Memory, Don't Speak! Monumental neglect and memorial sacrifice in Contemporary Estonia. Sage Jouenals. Available from: https://journals.sagepub.com/doi/full/10.1177/14744740211005517 last accessed(20/4/2022).

Kempt, Olivie. (2016). The Role of monuments in Place-Making. Agora. Available from: https://agorajournal.squarespace.com/blog/2016/2/1/the-role-of-monuments-in-place-making last accessed(28/4/2022).

Ehab, Yassin. (2022). The save Iraqi culture Monument in Beghdad. Explanders. Available from: https://explanders.com/africa-middle-east/iraq/baghdad/the-save-iraqi-culture-monument-baghdad last accessed(7/6/2022).

Wolfe, Shira. (2022). Art land magazine. Available from: https://magazine.artland.com/art-movement-expressism

Bree, Danny. (2020). Available from: https://gallerease.com/en/magazine/articles/all-about-expressionism-in-the-art-of-painting_5f392969152d last accessed( 18/6/2022 ).

Britannica, Dictionaries. (2022). Available from: https://www.britannica.com/dictionary/point-of-view last accessed(17/9/2022).

Cambridge, University. (2022). Available from: https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/point-of-view last accessed(11/9/2022).

Cambridge, Dictionary. (2022). Available from: https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/monument last accessed(14/9/2022).

Longman, dictionary. (2022). Available from: https://www.ldoceonline.com/dictionary/point-of-view last accessed(17/9/2022).

Oxford, Learner's Dictionaries. (2022). Available from: https://www.oxfordlearnersdictionaries.com/definition/english/expressionism?q=expressionism last accessed(11/9/2022).

Oxford, University Press. (2022). Available from: https://www.oxfordlearnersdictionaries.com/definition/english/point-of-view?q=point+of+view last accessed(11/9/2022).

Vocabulary, Dictionary. (2022). Available from: https://www.Vocabulary.com/dictionary/expressionism last accessed(11/9/2022).

Vocabulary, dictionary. (2022). Available from: https://www.vocabulary.com/dictionary/monument last accessed(17/9/2022).